# کام شانزەی سێ و کام حاکم؟!

## ئەوەی شەرمی تکابێت هەرگیز شەرمەزار نابێت؟

ئاسۆ عەبدوللەتیف

ئەگەرچی هەڵەبجە بۆ خۆی گالێرییەکی گەورەیە بۆ بینینی کارەسات وشوناسێکی نەمرە بۆ تراژیدیایەکی نەمر، بەڵام ئەوەی مردووەو جێگای شەرمەزارییە بینینی هەڵەبجەیە بەو شێوە خەمگینە کە بەتەواوی خەریکە ئەبێتە شاری مەهزەلەو شاری سوکایەتی، بەڵام ئەمجارەیان نەک سوکایەتیەك لەلایەن بەعسەوە بەڵکو لەلایەن ئەو بەناو شۆرشگێرانەی دوێنێوە کە بەناوی سەرمایەی رەمزی هەڵەبجەوە کەڵەکەی سەرمایەی داهات و عەیش و نۆشیان گەشتە کەشکەلانی فەلەك و ئێستا گاڵتە بە هەموو قودسیەتێك ئەکەن کە ووشەی شەهیدی پێوەبێت، ئەم شانزەی سێیە کە ئەوە هەژدە ساڵە هەڵەبجە کیمیایی بارانکراوە وەرن ببینن شارێکی خامۆشی کەلاوەی بێ پرۆژەی بێکەسی وەکو هەڵەبجە چۆن کراوەتە ساغکردنەوەی کاڵا سیاسیەکانی حیزب و مەیدانی فرۆشتنی بەها مرۆییەکان و چۆن دەسەڵات یاری بە چارەنووسی ئەو میللەتەوە دەکات کە تەنها تاوانیان ئەوەبوو کیمیایی بارانکراو پێنج هەزار مرۆڤیان بوویە قوربانی، ببینن ئەو پیاوە نامەردانەی کە وا هەر جارەو بە بیانوویەك ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە تەئجیل ئەکەن و شازەی سێی هەموو ساڵێکیش بۆ گەشت و سەیران دێن و ووتارۆکەیەکی لاوازی حیزبی پڕ لە بەڵێنی درۆ ئەخوێننەوەو وا ئەزانن خەڵکی هەڵەبجە ئیتر باوەریان پێ ئەکات و تەواو؟!

بروام وایە ئەو بەرپرسانەی کە هیچیان بەدەست نییەو خۆیان کردۆتە نوێنەری پارتی و یەکێتی و کاك ومام، بچنەوە بۆ ماڵ دابنیشن زۆر باشترە لەوەی کە حیزب هەموو ساڵێك ئەو دەورە کۆمبارسە پر شەرمەزاریەیان پێ ئەبینێ و تەمسیلێکی سەقەتیان پێ ئەکاو دواجار لەبەر چاوی خەڵکیش کەسایەتیان ئەشکێنێ، ئایا ئەم کردەوانە شۆرشی کوردی ئەیکات یان دوژمنی کوردی، یان حکومەتی عەرەبی کوردی بەغداد؟

هەڵەبجە نەك هیچی بۆ نەکراوە بەڵکو تا ئێستا ئەو دەستانەش نەدۆزراونەتەوە کە رێگرن لەبەردەم بەشارکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەدا، هەڵەبجە بەداخەوە نەك هیچی بۆ نەکراوە بەڵکو بۆتە یادەوەریەکی کاڵ و کرچ و بارێکی قورس بەسەر شانی سیاسیەکانەوە و ئێستا بەداخەوە هەڵەبجە بۆتە گرێ کوێرەیەك لە نێوان یەکێتی و پارتی و ئیسلامی و کۆمارە ئیسلامیەکەی پشتی هەڵەبجەدا، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش خەریکە ئەرکی ئاوەدانی ئەخاتەوە دەستی کۆمارە مەزهەبییەکەی ئێستای بەغدا، نازانین ئەمە لە پای چی؟ ئایا ئەمە مەهزەلەو گەندەڵی حیزب و دەسەڵاتی کوردی نییە؟ بەڵام دەبێ خەڵکی شەرافەتمەندی هەڵەبجە چیدی چاوەروانی دەستی دەقیانوسەکان نەبن و خۆان بگەرێن بەشوێن چارەسەرداو ئەوەندەش موجامەلەی بەرپرسان نەکەن و بەڵکو بچوکترین پێشوازیشیان لێ نەکەن، چونکە تا دەسەڵات شەرمەزار نەکرێت مەحاڵە هەڵەبجە هیچی بۆ بکرێت کە یەك بە سەدی کۆیەومەسیف و چوارتاو سلێمانی و هەولێری بۆ نەکراوە کە دیارە زێدی باوباپیرانی بەرپرسەکانمانن، بە ملیۆنان دۆلار سەرف ئەکرێت لە جسرە موعەلەقەکانی سلێمانی و بەرزە پردەکانی هەولێرو پالاسەکانی بەرپرسەکاندا کەچی بۆ هەڵەبجە کفرێکی گەورەیە شەقامێك دروست بکرێت، نەك پردو ئوتێل، ئەوە بۆ بینای وەزارەتێ یان کۆلیژێك تەنانەت مقەری حیزبەکانی

خۆشیان تا کرێچی نەبن، مەگەر چاوەروانی محمدی مەهدی بین!!؟ بەلاّم ئەوەی شەرمی تکابێت هەرگیز شەرمەزار نابێت و تازە ئەوان کە ماڵیان پڕپڕە لە لیرە بەم قسانەش ئازار ناخۆن و بگرە وەلاّمیشیان نییە.

دەبێ ئێمەی نەوەی نوێ خۆمان کار بکەین و لەبەردەم رۆحیانەتی شەهیداندا هەم بوەستین و هەم نەوەستین، لەمەودوا بە زمانێکی تر لە هەڵەبجە بدوێین کە زمانی دەسەلاّت و پارەو گەندەڵی و نیشتیمانفرۆشی بەرپرسان نییە، زمانی نوێ بۆ هەڵەبجە زمانێکە بەرپرسان فێری نابن مەگەر ئەوکاتانەی کە ئەمرن و نەوەیەکی نوێ بەدوای جەنازەکانیانەوە نیەو شیعرێکی تازەش نابیستن، زمانێك کە دوورە لە شەعوەزەو جادووی ئەندام مەکتەب سیاسیەکان و نزیکە لە خەیالاّتی فرمێسك لەچاوی ئەو دایکەی کە خاوەنی کورو کچی شەهیدەو 18 ساڵە بەدیار کەلاوەیەکەوە ئەگری و وەعدی بەرپرسانی کاکەو مامە ئەژمێرێ، زمانێك دەنگی نیەو ویژدانی هەیەو بەئاگایەو خاوەن رۆحی بەرزی وەفادارییە، زمانی تازە زمانێکە بەیەك ووشە پێمان ئەڵێت بریا نەوەیەك نەمایە شانازی بە هەڵەبجەیی بوونەوە بکات بە حاکم رەئوفیشەوە، ئاخر بۆچیمانە سەددام دادگایی بکاو بیکاتەدەرەوە، لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بە کردنە دەرەوەی تر هەیەوتازە مافیش ناگەرێتەوە بۆ هەڵەبجەییەکان، هەڵەبجە پێویستی بە حاکمێکە بەرپرسان لە هەڵەبجە بکاتەدەرەوەو ئیدی نەیەنەوە، تا ئەوەندە خەڵکی هەڵەبجە چاولەدەستی سیستمێکی گەندەڵ و عەقڵ جەنگەڵ نەبن.

دیارە ئەو زمانە کە بەدوورە لە زام وتراژیدیا ئەویش زمانی خۆناساندنی شیعرو تەسەوف عارفانەو جیهانبینیانەیە لەم شارەدا تا سیمای هەڵەبجەکەی شیعرو تەکیەی عاشقان وماڵی پاشاو ئایندۆستان و شێخانی نەقشبەندو زانا هزرڤانەکانی ئەو سەردەمەو شاعیران و ڕەوانبێژانی وەك ئەحمەد موختارو تاهیر بەگی جاف و بێکەس وگۆران و نالی و مەولەوی پیشان بدەینەوەو بەرهەمەکانیان لە گالێرییەکدا پیرۆز راگرین تا ئەو دەسەلاّتە نەخوێندەوارەی کە نازانێ ببینێ و بخوێنێتەوەو نازانێ کتێب و رەخنەو پێگەی هەڵەبجە چییە لەکاروان جێ بمێنێ و هەر خەریکی حونجەکردن بێت لە ژماردنی پارەو دەستکەوت و کچە نەشمیلەکانی ئەنقەرەو عەممان و ئەوروپادا، ئەوکات ئێمە پشوی رۆحی ئەدەین و داوای هیچیش ناکەین بەلاّم ئێوەش مەردو پیاو بن وداوای دەنگ و نیشتیمانپەروەریمان لێ مەکەن چونکە چاك ئەزانن و دەمێکە ئێوە دەنگی ئێمەو نیشتیمانی ئێمەتان فرۆشتووە!؟